سبەینێ یەکەم گەشت لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە بۆ ئیستانبوڵ و بەیروت دەستپێدەکا تەوە



سەرۆکی یەکێتیی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاریی لە هەرێم رایگەیاند ، بەیانی یەکەم گەشت لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە بۆ ئیستانبوڵ و بەیروت دەستپێدەکاتەوە ،ئاماژەی بۆشکرد و لە ڕۆژانی داهاتوو سەرجەم گەشتکان ئاسایی دەبنەوە.

ئەمڕۆ سەشەممە ، لاوێند مەموندی، سەرۆکی یەکێتیی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستان، لە کۆنفرانسکی ڕۆژنامەوانیدا وتی، بەهۆی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان سەرجەم کۆمپانیاکانی گەشتیاری زەرەرمەندبوون و دۆخێت، لە ڕۆژانی داهاتوو سەرجەم گەشتکان ئاسایی دەبنەوە.

باسی لەوشکرد، ئەو کەسانەی تکتیان هەیە و هەنەوشێندراوەتەوە دەتوانن تکتکانیان بگۆڕن و گەشتکانیان بکەن.

وتیشی، پێشبینی دەکرێت هەموو ئەو کۆمپانیانەی گەشتکانیان هەوشاندووەتەوە، لە ٤٨ کاتژمێری

داهاتوو دەست بە گەشتەکانیان بکەنەوە.

ئاماژەی بۆشکرد، رێژانە بڵایەنی کەم ٣٥ گەشت لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە دەکران، سەرجەم کەمپانیاکانی گەشتیاری زۆرەملێندی بوون، تاوەکوو ئێستا قەبارەی زیانەکانیان نازاندرێت، بەڵام لە رێژانی داهاتوودا بڵاویدەکەنەوە.